

### هونەرمەند خالید رەشید بۆ گوڵان:

# لەم وڵاتە نرخی هەموو شتێک چووە بەرەو ئاسمان هونەر نەبێ کە هەر بەرەو خوار دەڕوات

**• خالید رەشید زۆر کەس بە هونەرمەندی غەریبان و دوورە وڵاتانی ناو دەبەن، جگە لەوەی بۆ ماوەی چەندین ساڵە خزمەت بە هونەری کوردی دەکات و ئامادەکاری مارشـــی ســروودی نەتەوەیی کوردە، هەروەها دەرچووی بەشی شوێنەوارە لە زانکۆی ســتۆکهۆڵم، دەرچووی پەیمانگای مۆسیقایە لە ســوید، وەرگری دوو خەڵاتە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری سویدی لە ساڵانی ١٩٩٧-١٩٩٨.•**

***ئێستای گۆرانی کوردی چۆن دەبینی؟**

- لێرە هونەر دەستی بەسەردا گیراوە، کەسێکم ئەگەر هەڵەیەك ببینم قسە دەکەم، گۆرانیبێژ هەیە ئەم وڵاتە لافاو بیبات قسە ناکات. ئەگەر سەرپشکم بکەن بە یەك ساڵ فلتەر بۆ ئەو ئاژاوەیە دادەنێم کە لە هونەردایە. ئێمە میللەتێکین تەنیا گۆرانی سەقەتی کردووین، ئەگەر لێکۆڵینەوەیەك بکرێت لەسەر ئەوەی تێکستی گۆرانی کوردی چی دەڵێت، ئەو کات روون دەبێتەوە بۆ ئەم میللەتە ئاوا سەقەت بووە؟ ئەمەش دیاردەیەکە هەر لە کۆنەوە هەبووە، لە هیچ کولتوور و دابونەریتێکدا نەبووە تۆ بێی گۆرانی بۆ ئافرەتێك بڵێی هاوسەری هەبێت و بە ئاشکرا بڵێ ( ئەز عاشقێ ژنا پ مێرم) کە هانی خیانەت دەدات هەر لە فۆلکلۆر دەڵێ: (ئەگەر بۆ خۆت رازی بی من گولەی دەرمانخوارد دەکەم) واتە ئەگەر لێکی بدینەوە هەم دەیەوێ کابرا بکوژێت و هانی توندوتیژی بدات و هەم اغتصابی مافەکانی بکات) یان دەڵێ:(کەوی گەردەن بە خاڵی منداڵی چواردە ساڵی ) واتە: لێرەدا دان بەوە دەنێت کە منداڵە، چۆن کەسێك دەیەوێ منداڵێك ببێتە خۆشەویستی خۆی، یان هەندێك لە نوێیەکان کە دەڵێن (پێم بڵێ لە کوێ خۆت دەشۆی ) ئەمە بە راستی هیچ نرخێکی نییە و بێ بەهاکردنی مرۆڤە. یان دەڵێ: ( برۆ بنوو لەسەر سنگی برادەر) ئەمەش بە هیچ پێوەرێك لەگەڵ سیفاتی تاکی کورد یەك ناگرێتەوە و بۆ کورد کونجاو نییە، لە فۆلکلۆریش بۆ نموونە ( باغی بێ پەرژین.... نییە کچی بێ برا قیمەتی نییە) لێرە دەڵێم باشە ماڵێك کە خوا کوڕی پێ نەداوە گوناهی کچەکانیان چییە؟ بە گوێرەی ئەمە بێت ئافرەت هیچ بەهایەکی نییە. یان دەڵێن (بێوەژنە و دەستی دووە تازە مێردی جێیهێشتووە) من دەڵێم ناڵێن ئەم ئافرەتە بۆچی بووەتە بێوەژن، ئایا مێردی شەهیدە، ئەنفالە یان لەبەر هەر هۆکارێك بێت تەڵاق دراوە. ئەم نموونانە پێوەندییان بە دابونەریتی و بەها پیرۆزەکانی نەتەوەوە هەیە و لە هیچ کۆمەڵگەیەك ئەم جۆرە شتانە قبوڵ نییە، بۆیە بەشێکی زۆری تێکستەکان لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگە ناگونجێن، هەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە و گیروگرفت، لە هەمان کاتدا زوڵم لەخێزانەکان دەکات، ئەگەر ئەو کارە بە من بسپێرن، دەزانم چۆن فلتەرێك دادەنێم.

***کێشەی تێکست زیاتر پێوەندی بە نەوەی کۆنەوە هەیە یان نەوەی نوی؟**

-نەوەی نوێ لە رووی تێکستەوە بەشێوەیەکی گشتی بە هەمان شێوەی نەوەی کۆنە. ئێستا کە ئێمە قسە دەکەین ئەم قسانە جیاوازیان هەیە لەگەڵ گۆرانی. هونەرمەند هانی نەوە دەدات و دەڵێت وا بکەن، گۆرانیبێژ ئەگەر بیەوێت، یەك میللەت هان دەدات تاکو بە باشی یان بە خراپی بیر بکەنەوە، لەکاتێکدا هیچ فلتەرێك نییە کە قسەش دەکەن دەڵێن ئەوە گۆرانی مۆدێرنە، ئەوە قسەیەکی بێمانایە و فۆتۆکۆپی تورکی و عەرەبییە. ئەگەر من پەیمانگایەك لێرە دابنێم و کاریگەریم هەبێت لەسەر تەلەفزیۆنەکان و هێزی رێگەدان بە بڵاوبوونەوەی کلیپەکانم هەبێت، ئەوا ناهێڵم یەك گۆرانی پەخش بکرێت ئەگەر بچووکترین هەڵە و کەموکورتی تێدا بێت. لیژنەیەك دادەنێم لە شاعیرە هەرە باشەکان لە ئەوروپا بن یان لێرە، ئەمەش وەك فلتەرێك پێش بڵاوبوونەوەی گۆرانییەکان.

*** واتە کێشەکە تێکستی شیعریە؟**

_ تێکستی شیعر و ئاوازی گۆرانیەکانە. کەی لەناو کورد گۆرانی وتن بەو شێوەیەی ئێستا بووە، هەیە دێت تەقلیدی ئیبراهیم تاتلیساس یان ئەسمەهان و نەجات سەغیرە دەکاتەوە و شتێکی دیکە دەردەچێت.

***ئەی ئەوانەی شیعری شاعیرە کۆنەکان دەکەنە گۆرانی ئەوە چۆن دەبینی؟**

_ئەوەشیان شتێکی هەڵەیە، یەکێك لەسیفاتەکانی گۆرانی ئەوەیە کە دەبێت کەسی بەرامبەر لێی تێبگات، ئەگەرنا دەبێت فاتیحای بۆ بخوێنی. ئەو شیعرانەی کە سەد ساڵ لەمەوبەر نالی و سالم و مەحوی و شاعیرە گەورەکانی کورد نووسیویانە و ئێستا دەکرێنە گۆرانی، دەبێت چەندین کەسی شارەزا لە زمانی کۆنی کوردی بهێنی تا بۆتی شیبکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانی تێیان بگەی، بە هەمان شێوە لە ناوچەی بادینانیش بۆ ئەوەی لە شیعرەکانی نالی و ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و فەقێی تەیران بگەی، دەبێ شارەزایان بهێنی تا بزانی مەبەستی چییە لەو وشەیە یان شیعرە بۆچی گوتووە، ئەمەش کارێکی زەحمەتە، دەبێ ئەوە بزانین کە ئێمە لە سەدەکانی پازدە و حەڤدە زمانێکمان هەبووە کە تەنیا شارەزایانی زمان ئەوانەی بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن لێی تێبگەن، بۆیە دەبێ کەسی بەرامبەر واتە گوێگر لە زمانی گۆرانی تێبگات، ئەو هونەرمەندانەی کە تێکستی شاعیرە کۆنەکان دەکەن بە گۆرانی دەیانەوێ بە هەندێك کەسی نەخوێندەوار بڵێن کەوا ئێمە دەتوانین زمانحاڵی ئەو شاعیرانە بین کە لە راستیدا وانییە، چونکە خۆیشیان هەندێك جار لەو تێکستانە ناگەن و بە هەڵە دەیڵێن.

***چارەسەر چییە؟**

- هەموو گۆرانییەك کات و جیل و گوێگری خۆی هەیە، ناتوانی لەوڵاتێکدا کە بە زمانێك قسە دەکەن لەیەکتر تێنەگەن، بۆ نموونە لە یۆنان ئێستا بە زمانی سەردەمی کۆن گۆرانی ناڵێن، بەڵکو بە زمانی ئەم سەردمە گۆرانی دەڵێن، چونکە زمانی کۆنی یۆنانییەکان جیاوازە لە هی ئێستا.

***حەمە سەعید حەسەن لەنووسینێکدا بە (زمانحاڵی غەریبان) وەسفت دەکات، ئەو نازناوە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

-راستگۆم ناچم شتێك بڵێم کە لەگەڵ بارودۆخی خۆم نەگونجێت، ئەو شتانەی باسیان دەکەم خۆم بەشێکم لێیان. ناچم تێکستێك بهێنم باسی نیشتمان و سروودی نیشتمانی بکات کەچی ئیمزام بۆ بەعس کردبێت. ئەوەی کە دەیڵێم قسەی ناخی دڵمە و هەر بەردەوامیش دەبم لەگوتنی.

*** ئەوە کێیە، هێندەی قوڵی دەریا و دووری ئاسمان خۆشت دەوێت؟**

- دەمەوێ لێرەدا شتێك بڵێم ئەو کەسانەی کە ئێمە خۆشمان دەوێن ئەو کەسانەن کە هیچ کاتێك بۆمان نابن، سروشتی خوداییە کە مرۆڤی دروستکردووە هیچ کاتێك بەتەواوی بەو کەسە ناگەیت کە خۆشت دەوێت. بەپێی فەلسەفەش دەڵێت ئەوکاتەی لەگەڵ ئافرەتێك دای و هێناوتە و پێتوایە هی تۆیە، دەڵێت لەو کاتەش تۆ هی ئەوی، قەت ئەو نابێت بە هی تۆ، ئافرەت ئەو کاتە هەڵت





دەبژێرێت کە تۆ هی ئەو بیت. هەرچی شیعری دنیا هەیە ناتوانێ تەعبیر لەخۆشەویستی بکات، تا ئێستا ئەو هەموو شیعرانە نووسراون دەربارەی خۆشەویستی کەس نەیتوانیوە وشەیەکی پڕ بە پێستی خۆشەویستی بڵێت. لەبەر ئەوەی خۆشەویستی حاسەی هەستکردنە نەک وتن، هەستە نەک قسە. ئەوە رای منە، ئەو رۆژە لە محازەرەیەک وتم تکایە ئەگەر ئەو قسانەتان گێرایەوە ئاماژە بەناوی من بکەن. بە بووچۆنی من لەهەندێ رووەوە باب و باپیرانمان قسەکانیان زۆر بەپێزتر و مانادارتر گوتراوە هەتاکو رۆژنامەنووسانی ئەم سەردەمە . گۆرانیبێژێک چووە هەموو قسەکانی منی کردووە بەبێ ئەوەی ئاماژە بەناوی من بکات، هەروەها سروودی نەتەوەکەم داوە بە کەسێک چووە تیپی سەمفۆنیای عێراقی هێناوە و پێشکەشی کردووە بەناوی خۆیەوە.

*** ئەم سرووده سەرەتا چۆن درووست بوو؟**

-ساڵی 1999 چووم بۆ روسیا لەوێ کۆمپۆزیتور(دابەشکار)م ناسی وتم نیازم وایە بەرهەمەکانی خۆم و سروودی نیشتمانی نەتەوەکەم بە شێوەیەکی نوێ دابڕێژمەوە، چەند مانگێک دانیشتین و تا تەواو بوو تیپێکمان دۆزیەوە لە لینینگراد نەیانتوانی عەزفی بکەن، دوای ئەوە چووین بۆ مۆسکۆ لەگەڵ تیپێکی تر تەواومان کرد و ئەو کات دامە دەست بەرێز تەها بەرواری ئەویش هێنایەوە کوردستان، ساڵی 2004 بردم بۆ کوردستان تیڤی لەوێش لێیان وەرگرتم لەگەڵ سیدیەکی گۆرانیەکانی خۆم، بەڵام کەس نەیوت ئەو کارە چەندی تێچووە و بەچەند تەواو بووە، تەنیا سوپاسیان کردم، هەروەها پەرلەمانی کوردستانیش سوپاسیان نەکردم کە ئەم سرووده هی خۆیانە و بۆ خۆیانە، تەنانەت وەڵامی وەزارەتی رۆشنبیریشیان نەداوەتەوە، بەڵام دەبینین هەندێک ئافرەت دێنە سەر شاشە و بەدەفتەر پارەیان بۆ سەرف دەکرێت.



ئەو سروودە لەخولی یەکەمی پەرلەمانەوە لە کاتی لێدان و ئامادەبوونی ئەم سروودە دا سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد، کە ئەمە جێگەی شانازییە بۆ من، دواتر چووم بۆ ستۆدیۆیەک لەوڵاتی سوید بۆ تۆمارکردنی گۆرانی، باس هاتە سەر سروودی نیشتمانی سوید، منیش وتم من کارم کردووە لەسروودی نەتەوەیی وڵاتەکەم. یەکێکیان پێی سەیر بوو کە ئەمکارەم کردبێت و گوتی ئەمە ستۆدیۆیەکی هەرزان بەهایە وئەوانەی لە سروودی نەتەوەییدا کار دەکەن حکومەت زۆر هاریکاریان دەکات و دەچن لە ستۆدیۆی زۆر پێکشەوتووتر کارەکانی خۆیان دەکەن، گوتم بۆ؟ گوتی تۆ سروودی نەتەوەی خۆت تۆمار کردووە و هاتووی لێرە گۆرانی تۆمار کردن دەکەی، وایدەزانی گاڵتە دەکەم، منیش دڵنیام کردەوە، وتی لەوڵاتی ئێمە ئەوەی بەشداری کردووە لە سروودی نیشتمانیدا تەنانەت ئەوەی وێنەی گرتووە یان بەهەر شێوەیەک کاریان تێدا کردووە، دەچنە لای پاشای ئەو وڵاتە و مەدالیایان پێدەبەخشرێت و بەچاوێکی دیکە سەیر دەکرێن، وەك قارەمانی نەتەوەکەیان، بەداخەوە تەنانەت لێرە هەندێك کەس زۆر بە جددی دەیانویست بیگۆڕن، بەڵام باش بوو جەنابی کاك مسعود بارزانی نەیهێشت، من لێرەدا زۆر سوپاسی کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم دەکەم کە رێگەی بەم کارە نەدا و دەتوانێ ئەمە لە مێژووی حوکمڕانی بەرێزیان بە یەکێك لە کارە هەرە درەوشاوە گەشەکان دابنرێت بۆ نیشاندانی دڵسۆزی نەتەوەیی خۆی لەم سەردەمەی حوکمڕانی لە قەڵەم بدرێت.

*** رات چییە دەربارەی نوێکاری لە گۆرانیدا؟**

- هەندێك کەس وای دادەنێن نوێکاریان کردووە و خۆیان کردۆتە پاڵەوان، ئەوانە لە هیچ قوتابخانەیەکی هونەریدا بە شاگردیش وەرناگیرێن، نازانم ئەوانە چ هەنگاوێکی پێشکەوتووانەیان هاویشتووە، کاتێك بۆ یەك سیدی نیو ملیۆن دۆلاریان وەرگرتووە، من بە نیو ملیۆن دۆلار هەموو مۆسیقای ئەورووپا داگیر دەکەم، حەفت دەفتەر دۆلار دراوە بۆ کچێکی ئێمە بچێت بە زمانی عەرەبی گۆرانی بڵێت و لە کەناڵێکی عەرەبی بڵاوی بکەنەوە، لە دنیادا شتی وا رووی نەداوە تۆ هەم خۆت پار بدەی و بە زمانی ئەو میللەتە گۆرانی بڵێی و هەم خۆت پارە بدە بۆ ئەوەی بۆتی بڵاو بکەنەوە، کارەکە بەپێچەوانەیە دەبێ تۆ بۆ هەر کەناڵێك بە زمانی نەتەوەیەکی تر گۆرانی بڵێ نەك دەبێ پارە بدەی، بەڵکو دەبێ خەڵاتێکی زۆر گەورەت بدەنێ، چونکە تۆ هەوڵتداوە بە زمانی ئەو نەتەوەیە گۆرانی بڵێی.

***وەك کەسێك کە لە ئەورووپا بووی ستۆدیۆکانی ئێرە چۆن بەراورد دەکەی لەگەڵ ئەوانەی ئەورووپا؟**

_ئەوانەی ئێرە زۆر باشترن، کەموکورتی هەیە و کاری باشیش کراوە.

***چۆن بازاڕ درووست دەبێت بۆ هونەر؟**

_لەساڵی 1975 نرخی کاسێت روبعە دینارێك بوو، بە هەمان نرخی پێڵاو، ئەو کات دیناری عێراقی زۆر بەهێز بوو، یەك دینار دەیکردە سێ دۆلار، واتە کاسێتێك بە دۆلارێك بوو، ئێستاش کاسێت هەمان نرخی جارانی هەیە، کەچی نرخی پێڵاو هەر زۆر زیادیکردووە، تەنانەت هەندێکجار نرخی پێڵاو گەیشتووەتە سەد دۆلاریش، کەواتە لەم وڵاتە نرخی هەموو شتێك چووە بەرەو ئاسمان، هونەر نەبێ کە هەر بەرەو خوار دەڕوات. لەوەش ترسناکتر ئێستا گۆرانیبێژێکی بیانی دێت بلیت دەفرۆشن بە سێ سەد یان دوو سەد کەمترینیان سەد دۆلارە، دێتە ئێرە دە دەفتەر دۆلار لەگەڵ خۆی دەبات بێئەوەی یەك دیناریش زەریبە بدات، ئەمە لە وڵاتانی دیکە قەدەغەیە، بۆ نموونە ئەگەر لە سوید گۆرانیبێژێك گۆرانی بڵێ 30% ی داهاتەکەی بەجێدەهێڵێت، لەوەش ترسناکتر لێرە ئەگەر کوردێك بیەوێت کۆنسێرت بکات دەڵێن لێرە بلیت نافرۆشرێت، ئەوە سوکایەتیکردنە بە هونەرمەندی خۆت.

***بەرهەمی نوێت چییە؟**

_ئێستا لەستۆدیۆی میلۆدی خەریکی کارکردنم بۆ ئەلبومەکەم، یەك گۆرانیم ماوە، نازانم کەی بڵاو دەبێتەوە.

***زیاتر سوودت لەتێکستی کێ وەرگرتووە؟**

_سوودم لەزۆر کەس وەرگرتووە، هەموو ئەو تێکستانە بەکار دەهێنم کە خۆمی تێدا دەدۆزمەوە بۆ ئەوەی راستگۆیی خۆم لە دەست نەدەم.

***بۆ هونەرمەندانی تاراوگە چی دەڵێی؟**

_ باسی گۆرانی کوردی دەکەم و قسەکانم هەموویان دەگرێتەوە، بە بۆچوونی من هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان کوردەکانی تاراوگە و کوردەکانی وڵات، چونکە کورد هەر کوردە و هەموویان نەوەی ئەم خاکەن و هەموویان خاوەن ئەرك و مافن.






## شاکیرا فرۆکەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیای دواخست

شــەوی یەکشــەممە رابردوو فڕۆکەی هەڵبژاردەی ئەلم  انیا کە بەرەو وڵاتی باشووری ئەفەریقای دەبردن، بۆ مۆندیالی 2010، زیاتر لە نیــو کاتژمێر لە وادەی خۆی دواکەوت، ئەمەش بەهۆی گەیشــتنی گۆرانیبێژی پۆپــی جیهانی (شــاکیرا) بۆ هەمان فڕۆکەخانە لە فرانکفۆرت، چونکە فڕۆکەی گۆرانیبێژی ناوبراو لە وادەی گەیشتنی خۆی دواکەوتبوو.
جێی باسە شاکیرا بەم زووانە لە تۆمارکردنی گۆرانی (واکا واکا) تەواو بووە کە بۆ ئاهەنگی دەستپێکردنی جامی جیهانی تۆماری کردووە، ئەمەش دووەمین جارە شــاکیرا لەو ئاهەنگانەدا بەژداری دەکات، دوای ئەوەی لە مۆندیالی ئەلمانیا 2006 لە ئاهەنگی کۆتایی بەژدار بوو.



## رولا گۆرانی بۆ مۆندیال دەڵێت


گۆرانیبێــژی لوبنانــی رولا ســەعد لەلایەن هەڵســوڕێنەرانی راگەیاندنەکانی جامی جیهانی بانگهێشــتکرا بۆ بەژداری کردن لە کلیپی گۆرانی تایبەتی مۆندیال بەناوی ”everywhere you go 2010“ ئەمەش بە بەژداری چەندین گۆرانیبێژ لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهان.

## ماڵپەڕی گوڵانی هونەری کرایەوە

بــۆ پرکردنەوەی کەلێنێك لەناو هونەری کوردی و زیاتر نزیکبوونەوەی جەماوەر بــە هەواداارانیان و کردنــەوەی پردێك لەنێــوان و هونەرمەنــد و جەمــاوە، هونەرمەنــد و دەســەڵات. ماڵپــەڕی گــوڵان میدیا، بەشــێکی تایبەتی بۆ هونەر تەرخان کردووە، وەك ماڵپەڕێکی ســەربەخۆ بەناوی (گوڵانی هونەری) دەیخاتــە بەر دەســتی بینەرانی، تێیدا جگــە لە هەواڵ و دیمانە و ریپۆرتاژی هونەری، هونەرمەندان و هونەردۆستان دەتوانن بابەتەکانیان بڵاو بکەنەوە بەبێ سانسۆر، ئەمە جگە لەوەی راپرسییەکی تێدایە، کە هەرجارە و بابەتێکی هونەری هەستیار دەوروژێنێت.



## چارلی شین، لەبەندیخانەیەکی نموونەیی بەند دەکرێت



ئەکتەری سینەمایی هۆلیۆد (چارلی چین) بەهۆی دەستدرێژی کردنی بۆ خێزانەکەی، دادگا بڕیاری بەندکردنی بۆ دەرکرد، هەر لە دادگا بەندیخانەیەکی بۆ دیاریکرا کە رەنگە زیاتر لە هۆتێل بچێت، چونکە هەر بەندکراوێك هۆدەی تایبەتی خۆی هەیە، کە هەموو پێداویستییەکانی وەك گەرماو، تەختی نوستن، تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتی تێدایە، ژەمە خۆراکەکانیشی بەپێی ویستی خۆی بۆ ئامادە دەکرێت.

## کارۆل سەماحە: لە منداڵییەوە حەز بە هاوڕێیەتی کوڕان دەکەم

گۆرانیبێژی لوبنانی کارۆل سەماحە لەدیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاند: هەڵسوکەوت و تێکەڵبوونم لەگەڵ کوڕان هەر لە منداڵییەوەیە، هۆکاری سەرەکی بوون بۆ بەهێزبوونی کەسایەتیم و شێوازی مامەڵە کردنم، چونکە لە ژیانمدا نەترساوم لە تێکەڵ بوون بە پیاوان، ئەمەش هۆکارێکی باشە بۆ ئەوەی بزانیت رەگەزی بەرامبەرت چۆن تێت دەڕوانێت، بەمەش دەزانی خۆت بپارێزیت لە پیاوە ناپاکەکان.



## کازم ساهیر هانی عێراقییەکانی تاراوگە دەدات بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان



گۆرانیبێژی گەورەی عێراقی کازم ساهیر، بەمزووانە گۆرانییەکی بەناوی ”بیت الحبایب“ بڵاوکردەوە، تێیدا تامەزرۆیی عێراقییەکان باس دەکات بۆ گەڕانە بۆ وڵاتەکەیان کەوا بەهۆی شەڕو وێرانکارییەکانی رژێم و دوای رژێم بەسەری هاتووە. جێی باسە گۆرانییەکە لە هۆنراوەی (کەریم عێراقییە) و کازم خۆی ئاوازەکەی بۆ داناوە.

## مێگان بەهۆی تاتۆوە دوور دەخرێتەوە



ئەکتەری بەناوبانگ (مێگان فۆکس) کە رۆڵی قارەمانی دووەمی بینی لە بەشی یەکەم و دووەمی فیلمی ”-Transform ers“ بەمەش ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کرد، بەڵام دەرهێنەری فیلمەکە (مایکل بای) بڕیاری دا لەبەشی سێیەمی فیلمەکە دووری بخاتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی وێنەی ئەکتەری مێژوویی (مارلین مۆرۆ)ی لەسەر لاشەی کوتیبو، کەبەلای دەرهێنەرەوە هۆکارێکی گەورەیە بۆ دوورخستنەوەی.




بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com



## ئەلین خەلەف:

# کەسێک هونەرمەند بێت هەموو کاتێک دەتوانێت هونەرێکی پاک پێشکەش بکات

***● ئەلین خەلەف یەکێکە لە کچە هونەرمەندە لوبنانییەکان کە دەمێکە هاتووەتە نێو گۆڕەپانی هونەر و گۆرانی گوتندا و سەرەتا بە ئاراستەیەکی راست و دروست هات، بەڵام بەم دواییە هەســـت دەکرێ وەك جاران نەمـــاوە، بەجۆرێك هەوادارانی دەنگـــی پێیانوایە زۆر دواکەوتووە، ئەمە لە کاتێکدا چەندین هونەرمەندی دیکە کە لەگەڵ ئەو دەستیان پێکرد ئێستا لە لوتکەن و رۆژ بە رۆژ جەماوەریان لەزیادبووندایە، ئەمـــەش رەنگە پێوەندی بە چەند گرفتێکـــی تایبەت بە خۆیەوە هەبێت، لە رێگەی خانمە رۆژنامەنووس نەدا سەعید ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەلین خەلەف ئەنجامدا.●***

*** جەماوەر بە گلەییەوە لە دواکەوتنت دەپرسن، هۆکاری ئەمە چییە؟**

- بـــەر لە هەموو شـــتێك رێز و تەقدیرم بۆ جەماوەری خۆم هەیە، ئەم لێپرســـینەوەی جەماوەر بە گەورەترین بڕوانامە دادەنێم، بەڵام دوا نەکەتووم رەنگە وەك پێویســـت لە ماوەی رابردوودا کارم نەکردبێت، رەنگە ئەمەشـــیان پێوەندی بە هەندێك کاری تایبەتـــی خۆمەوە هەبێت، بەڵام هەر بەردەوامم تا ئەو کاتەی توانام هەبێت، هەر کاتێکیش نەمتوانی بەردەوام بم (کە ئەمەیان زۆر زەحمەتە) ئەو کاتە بە ئاشکرا واز دەهێنم.

*** دوورکەوتنـــت پێوەنـــدی بە ناکۆکییەکانی تـــۆ لەگەڵ جیجی لاماراوە هەبوو؟**

- نەخێـــر ئەم ناکۆکیەم لەبیر خۆم بردۆتەوە و بووەتە بەشـــێك لە رابردوو.

*** ئـــەی گرفتەکانت لەگەڵ کۆنە دەســـتگیرانەکەت چیان بەسەر هات؟**

- داوایەکم بەرز کردۆتەوە بۆ دادگا دژی ئەحمەد سەباغ و چاوەڕێی ئەنجامەکەی دەکەم، بەڵام هەرچۆنێك بێت واز لە مافی خۆم ناهێنم.

*** ئەم گرفتانە تـــا چەند کاریگەرییان بەسەر تۆوە هەبووە وەك هونەرمەند؟**

- بێگومان کاریگەرییەکی سلبی زۆریان هەیە، چونکە هونەرمەند کەســـێکە گرفتـــەکان زووتر کاریگەرییان بەســـەرییەوە دەبێ، ئەمـــەش لەبەر ئەوەیـــە خەڵك زیاتر دەیانناسێت و لە کۆمەڵگەدا ناســـراون، بۆیـــە







حەز دەکەن وردترین شت لەسەر ژیانی تایبەتیان بزانن.

*** هۆکارەکەی چییە؟**

- زۆر جار نا شارەزایی هونەرمەند و خراپ مامەڵەکردنی خۆیەتی لەگەڵ دەوروبەر، هەروەها میدیاکانیش رۆڵیان هەیە، هەندێکیان شتی دوور لە راستی بڵاو دەکەنەوە و هونەرمەندیش ناتوانێت تەنیا خەریکی راستکردنەوە و بە درۆخستنەوەی هەموو ئەو شتانە بێت کە بڵاو دەکرێنەوە.

*** زۆر لە هونەرمەندانی هاوتەمەنی تۆ ئێستا لە قۆناغێکی بەرچاو لە پێشەوەی تۆدان، هۆکارەکەی چییە؟**

- لەوانەیە بارودۆخی تایبەتی خۆم بێت، بەڵام پێموایە ئەگەر کەسێك هونەرمەند بێت هەموو کاتێك دەتوانێت هونەرێکی باش پێشکەش بکات کە بوونی خۆی بسەلمێنێت وەك هونەرمەند.

*** تۆ توانیوتە ئەو کارە بکەی؟**

- تا ئێستا وەك پێویست نەبووە، بەڵام هەوڵ دەدەم بتوانم دووبارە بوونی خۆم بسەلمێنم.

*** هەندێك کەس هۆکاری دواکەوتنی تۆ بۆ هەڵبژاردنی ئەو گۆرانیانە دەگێرنەوە کە گونجاو نین لەگەڵ دەنگت ئەمە تاچەند راستە؟**

- رێزم هەیە بۆ ئەو کەسانە، بەڵام پێموایە هیچ پێوەندییەك نییە لە نێوان گۆرانی و شێوەی ئەداکردنی، چونکە زۆر کەس هەن گۆرانی دەڵێن بە تەبەقەیەکی جیاواز لە تەبەقەی دەنگی خۆیان و زۆریش سەرکەوتوون لەم کارەدا.

*** پێوەرەکانی سەرکەوتنی هونەرمەند چین؟**

- سەرەتا پێویستە هونەرمەند راستگۆ بێت لەگەڵ خۆی و لەگەڵ دەوروبەری بۆ ئەوەی بتوانێت شتێك پێشکەش بکات کە شانازی پێوە بکات، هەروەها هەڵبژاردنی کاری باش لەرووی تێکست و مۆسیقا.

*** چ هونەرمەندێك ئەستێرەیە؟**

- ئەوەی زیرەك و بیر تیژ بێت و بزانێت چ کاتێك قسە دەکات و چی دەڵێت، لە هەمان کاتدا پێوەندی باشی هەبێت، لە هەموویشی گرنگتر ناوبانگێکی باش و خاوێنی هەبێت.

*** جوانی بۆ تۆ چ دەگەیەنێت؟**

- جوانی هەموو شتێك نییە، بەڵام پێویستە بۆ هونەرمەندی ئافرەت هەوڵ بدات بە جوانترین شێوە دەربکەوێت لەبەردەم جەماوەر، مەبەستم تەنیا جوانی رووخسار نییە، بەڵکو جوانی هەڵسوکەوت و رەفتاریش زۆر گرنگە.

*** کێ یارمەتیت دەدات لە کاروباری هونەری ؟**

- براکەم.

*** لە کاری هونەریدا راوێژ بە کێ دەکەی؟**

-بێگومان کەسانێك هەن کە بەر لە ئەنجامدانی هەر کارێکی هونەری پرسیان پێدەکەم، تەنانەت لە ژیانی رۆژانەشمدا وەك کرینی جلوبەرگ پرس بە هەندێك کەس دەکەم.

*** تا چەند رەخنە قبوڵ دەکەیت؟**

- ئەگەر بزانم بەرژەوەندی منی تێدایە، ئەوا زۆر سوپاسی ئەو کەسە دەکەم، بەڵام ئەگەر بزانم بە مەبەستی تێکدەرانەیە، ئەوا بە هیچ شێوەیەك قبوڵی ناکەم؟

*** چی دەڵێی بۆ ئەوانەی نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجام دەدەن؟**

- هەر کەسێك ئازادە لەوەی چی بکا یان چی نەکا، خۆم نەشتەرگەرییەکی بچووکم بۆ لوتم ئەنجامداوە، چونکە پێموا بوو پێویستە ئەمکارە بکەم.

*** زۆر لە نمایشکارەکانی جلوبەرگ روویان لە گۆرانی و نواندن کردووە؟ رات چییە بەرامبەر بەمکارە؟**

- بەر لە هەموو شتێك دەبێ بزانین دەنگخۆشی بەهرەیە و خوا بە هەندێك کەسی دەبەخشێت، بۆیە (دەنگ) خۆش ناکرێت، یاخود هونەرمەند، بەتایبەتی گۆرانیبێژ دروست ناکرێت، بەڵکو دەدۆزرێتەوە و پەرە بە تواناکانی دەدرێت، زۆر ئاساییە کەسێك دەنگی خۆش بێت وپێشتر هەر کارێکی کردبێت، بێت روو لە گۆرانی گوتن بکات.

*** نوێترین کاری هونەریت چییە؟**

- لە خۆئامادەکردندام بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومێکی گۆرانی بەشێوەزاری کەنداوی، هیوادارم ببێتە مایەی دڵخۆشی و رەزامەندی جەماوەر و سەرەتایەك بێت بۆ ئەوەی دڵیان خۆش بکەمەوە.